**Ministry of Higher Education and Scientific research**

بەش : زمانی کوردی

کۆلێژ :پەروەردەی مەخمور

زانکۆ : سەلاحەددین

**بابەت : زمانەوانی گشتی**

پەرتووکی کۆڕس : قۆناغی سێیەم

**ناوی مامۆستا : میدیا جلال مجید**

ساڵی خوێندن : 2022-2023

**Ministry of Higher Education and Scientific research**

پەرتووکی کۆرس

# Course Book

| | |
|---|---|
| **١-ناوی کۆرس** | زمانەوانی گشتی |
| **٢- ناوی مامۆستای بەرپرس** | میدیا جلال مجید |
| **٣-. بەش / کۆلێژ** | زمانی کوردی / کۆلێژی پەروەردەی مەخمور |
| **٤-پەیوەندی** | ئیمێل**midya.majeed**@su.edu.kurd |
| **٥-یەکەی خوێندن (بە سەعات) لە هەفتەیەك** | تیۆری : (2)یەکە، کە دەکاتە(4) کاتژمێر لە هەفتەیەکدا. پراکتیك: نموونەی پراکتیکی بۆ بابەتە تیۆرییەکان دەهێندرێتەوە. |
| **٦- ژمارەی کارکردن** | دوو گروپە (4) کاتژمێر |
| **٧- کۆدی کۆرس** | |
| **٨- پرۆفایلی مامۆستا** | ساڵی(2004-2005) زانکۆی سەڵاحەددین،کۆلێژی پەروەردە ، بەشی زمانی کوردیم تەواوکردووە، لە ساڵی (2009-2010) خوێندنی باڵا(ماستەر) لە زانکۆی سەڵاحەددین ،لەکۆلێژی پەروەردە ،لەبەشی زمانی کوردی ،لە پسپۆڕی (زمان)وەرگیرام و لەساڵی 2011-2012بڕوانامەی ماستەرم بە دەستهێنا، کە ناونیشانی نامەکە بریتی بوو لە (سینتاکس و سیمانتیکی بەستنەوە لە زمانی کوردیدا). مامۆستای بابەتی کوردۆلۆجی بووم لە هەردوو کۆلێژی زانست و کشتوکاڵ . ئێستاش لە کۆلیزی پەروەردەی مەخموربەشی کوردی باتبەتی(زمانەوانی گشتی و زمانەوانی کارەکی)بەقوتابیانی قۆناغی سێ دەڵێمەوە و بابەتی (فەرهەنگناسی) بە قۆناغی چوار دڵێمەوە ، لەکارکردن بەردەوامم. |
| **٩- وشە سەرەکییەکان** | زمان, زمانەوانی , سەرهەڵدانی زمان ، زمانەوانی تێۆری ، پەیدابوونی زمان , ڕێبازەکانی لێکۆلینەوەی زمان، مێژووی زمانەوانی، ئەرکەکانی زمان ، تایبەتییەکانی زمان، مێژووی زمانەوانی ، مێژووی زمانەوانی کوردی.. |

**١٠- ناوەڕۆکی گشتی کۆرس:**

**زانستی زمان یا زمانەوانی , بەشێوەیەکی زانستی و بابەتی باس لە مێژووی قۆناغە یەك لەدوایەکەکانی زمان و ناساندنی دەکات ، باس لە توێژینەوەی زانستییانەی زمان دەکات, گرینگی ئەم بابەتە لەوەدا خۆی دەبینێتەوە ،کە باس لە تیۆر و قوتابخانە و ڕێبازەکانی زمان دەکات هەروەها بیرۆکە و تێڕوانینی گشتی و ورد لەبارەی خودی زمان و پەیدابوونی بۆ قوتابییان ڕووندەکاتەوە. هەروەهاجگەلەمەش زانیارییەکی گشتی لە بارەی مێژووی زمانی کوردی و شوێنی لەناو زمانەکانی جیهان بۆ قوتابییان ڕووندەکاتەوە. هەروەها زانیاری ورد لە بارەی پەیوەندی نێوان زمان و بیرکردنەوە و مێشك و سیستەمی پەیوەندیکردنی زمان.**

**١١- ئامانجەکانی کۆرس : أ-ئامانجی گشتی:**

1- **لە لایەنی تیۆری و پراکتیکی تیۆرەکانی زمان شیدەکاتەوە .**

2- **قوتابی لەماوەی خوێندنی ئەو بابەتەدا زانیاری گشتی لەبارەی بابەتەکە پەیدادەکات.**

3-**دەبێتە خاوەن زانیاری جۆراوجۆر و تایبەتی وەك لێهاتوویەك بۆ بابەتەکە، کە ئەمەش ڕێگا خۆشکەرە بۆ ئامادەبوونی کاری مامۆستایی و توێژەری.**

**ب-ئامانجی تایبەتی:** - ئامانجی پەروەردەیی : **خۆشەویستی بۆ بابەتەکە بە گشتی پەیدابکات ، بە تاییبەتی کاریگەری و سەلیقەی بۆ مێژووی زمانی کوردی**

**لایەنی زانستی : قوتابی ئاشنا دەبێت بە چەمکی زمان و ماناکانی و ناسینی زانستی زمانەوانی و لقەکانی (تێۆری و کارەکی) وە هەروەها بە مێژووی زمان و پەیدابوونی, ڕێبازەکانی لێکۆلینەوەی زمانەوانی و ململانێی زمان و ...هتد.**

**جیاوازییەکانی و تایبەتمەندییەکانی و شوێنی زمانی کوردی لەناو زمانەکانی جیهاندا ، ئەمەش بە هەوڵ و کۆشش و کات پێویستی و خوێندنەوە دێتە بەرهەم.**

**١٢. ئەرکەکانی قوتابی :** **ئامادەکردنی بابەتی نوێ و پرسیاری نوێ و ناونیشانی نوێی پەرتووك لە بارەی بابەتەکە بە گەران لە ئەنتەرنێت .**
بەشداریکردني کارا لة وانةکةدا. ئامادەکردن و پێشکەشکردنی ڕاپۆرت و سیمینار لەبارەی بابەتەکە.

**- قوتابی دەبێت ئامادە بێت لە تاقیکردنەوەی مانگانە و کۆتاییی هەروەها ئامادەیی بۆ تاقیکردنەوەی ڕۆژانە**

١٣.- **ڕێگای وانەوتنەوە :** سەرەتا ئەو دەرگایەیە کە هەموو مامۆستایەك لێی دەچێتە ژورەوە بۆ وانە وتنەوە، بۆسەرنج ڕاکێشانی قوتابییان بە وانەکانی کۆن و تازە دەبێت پرسیار بکات لەو زانیارییانەی، کە لە بابەتەکانی پێشوو خوێندیتیان، یان سالأنی پێشوو خوێندیتیان کە پەیوەندی بە بابەتی وانەکەی ئێستای(وانە نوێیەکە) هەبێت. پێویستە مامۆستا چاودێری ئەوە بکات کە پرسیارەکە ڕوون و کورت و سەرنجڕاکێش بێت. دەقەی (پارچە نوسینێك) کە لەسەر بابەتەکەیە لەسەر سەبوورە باس دەکات و دەینوسێتەوە، یان داوا لە قوتابییان دەکرێت (دەقەکە) لەسەر کتاب بخوێنێتەوە و لەگەڵ مامۆستا مناقەشەی بکەن، لەدوایدا مامۆستا ڕووی پرسیار لەقوتابییان دەکات و وەلأمەکەی بە نموونە دەوێت و

. لەوکاتەدا لەسەر قوتابی ئاسان دەبێت بۆ گەیشتن بە یاسایەك(دەستوورەك) وە خۆیان دەتوانن تەعبیر لەسەر ئەو ئەنجامە بکەن، کە پێی گەیشتوون. مامۆستاش نابێت هەڵهێنجانی ئەو یاسایە بکات، بەبێ بەشداری قوتابییان.

**پراکتیزەکردن:**

1- پەیوەندی ڕاستەوخۆی مامۆستا بە قوتابی و قوتابی بە مامۆستا، کە پەیوەندی بە پرسیارکردن و وەلأمەکانەوە هەیە.

2- پەیوەندی دوو قوتابی بەیەکەوە. واتە دوو دوو لە قوتابییەکان بەیەکەوە پرسیارەکە وەلأم دەدەنەوە.

3- پەیوەندی بە کۆمەڵی قوتابییان. لەو جۆرە پەیوەندییەدا قوتابییان دەکرینە گروپ گروپ و بەجیا گفتوگۆی لەسەر دەکەن، سەرۆکی هەر گروپەك وەلأمەکە دەداتەوە و گفتووگۆی لەسەر دەکەن.

١٤.- **سیستەمی هەڵسەنگاندن:**

. نمرەی کۆششی کۆرس(٤٠) نمرەیە کە بەم شێوەیە دابەشی دەکەین:قوتابی لەماوەی خوێندنیدا (٢) تاقیکردنەوە ئەنجام دەدا، تاقیکردنەوەی یەکەم 20 نمرە تاقیکردنەوەی دووەم 15 نمرە پێنج نمرە بۆ راپۆرت بۆ کۆشش ، کۆتایی سالێش لەسەر (٦٠) نمرە دەبێت کە دەکاتە (١٠٠) نمرە.

١٥. **دەرئەنجامەکانی فێربووون:** قوتابی کۆمەڵێك زانیاری و بنەمای زانستی لەم بوارەدا تاوەکو بتوانێت لە داهاتوو لێکۆڵینەوەی جیاواز لە نێویاندا بکات و بە تایبەتیش لە چوارچێوەی زمان

دوای تەواوبوونی کۆرسەکە قوتابی زانیاریەکی گشتی جۆراوجۆر لە بارەی مێژوو و گۆڕان و فۆناغەکانی زمان بەگشتی و زمانی کوردی بەتایبەتی بەدەستبهێنێت.

١٦ **لیستی سەرچاوە :**

**1- عبدالواحید مشیر دزەیی 2021 زمانەوانی گشتی**

**2- محمد محمد یونس علی وەرگێرانی نەریمان عبدولا خۆشناو ، دەروازەیەك بۆ زمانەوانی (2010) چاپی یەکەم.**

**3- عەبدولەناف ڕەمەزان،ئەتڵەسی زمانی (هەرێمی کوردستان بە نموونە)،چاپی یەکەم،چاپخانەی سپێرێز،دهۆك،2011.**

**4- سەلام ناوخۆش و نەریمان خۆشناو، زمانەوانی , بەرگی (1,2,3) ,, , چاپخانەی ئاوێر, هەولێر , 2010**

**5- وەرگێرانی نەریمان عبدولا خۆشناو ، کامەران محمد ، قوتابخانە زمانەوانییەکان (2008) چاپی یەکەم.**

6- تاليب حوسێن عەلی , زانستی زمان و زمانی کوردی , چاپخانەی ڕۆژهەڵات , هەولێر , 2014.
7- تاليب حوسێن عەلی ، زمان و تایبەتمەندییەکان 2014 ، چاپخانەی ڕۆژهەڵات.
8- محمد معروف فەتاح, زمانەوانی , چاپخانەی حاجی هاشم, چاپی دووەم, هەولێر, 2011.
9- یوسف شەریف سەعید , زمانەوانی , چاپخانەی ڕۆژهەڵات , چاپی یەکەم, هەولێر, 2011.
10- عبدوالواحید مشیر دزەیی, زمانەوانی دەروونی , چاپخانەی ئاوێر , چاپی یەکەم , هەولێر, 2015..
11- رەفیق شوانی, زمانەوانی , چاپخانەی موکوریان ,چاپی یەکەم , هەولێر, 2009.
12- سەلام ناوخۆش, زمانناسی و هەندێ بابەتی زمانناسی کوردی, چاپخانەی منارە, چاپی دووەم, هەولێر,2010.
13- سەلام ناوخۆش ، نەریمان عبدولا خۆشناو ، زمانەوانی بەرگی هەشتەم ، (2011) ، چاپخانەی رۆژهەلات هەولێر.
14 . نەریمان عبدلله خۆشناو ، تیۆرو ڕێبازەکانی زمان ، (2016) چاپی یەکەم چاپخانەی رۆژهەلات هەولێر
15 - غازی عەلی خورشید، زمان و زمانی ستاندارد، گۆڤاری ئاسۆ ، ژمارە (1528)، 1984 .
16- نەریمان خۆشناو،زمان و زار،چاپخانەی هێلین ،چاپی دووەم،هەولێر،2011.
17 - محمد علی الخولی, معجم علم اللغه التگبیقی, بیروت ,1986.
18- George Yule, The Study of Language, 5 edition, Cambridge University Press.

| 17. | بابەتەکان | ناوی مامۆستا |
|---|---|---|
| حەفتەی یەکەم : ناساندنی بابەتەکە<br><br>حەفتەی دووەم : پیناسەو جەمکی زمانەوانی<br><br>حەفتەی سێیەم:<br><br>حەفتەی چوارەم : گریمانەکانی پەیدابوونی<br><br>حەفتەی پێنجەم: گریمانەکانی پەیدابوونی | دەروازەیەك بۆ ناوبابەتەکە و ناساندنی کۆڕسبووك.<br><br>- پێناسەکانی زمانەوانی<br>زاراوەی زانستی زمانەوانی<br>زمانەوان کێیە<br><br>توێژینەوەی زمانەوانی لە ڕووی کاتەوە و هەنگاوەکانی<br><br>پێناسەی زمان، چەمکی زمان<br>گرنگی زمان<br><br>گریمانەکانی پەیدابوونی زمان | میدیا جەلال مەجید<br>(2)کاتژمێر کارکردن لە هەفتەیەکدا<br>. |

| | | |
|---|---|---|
| حەفتەی شەشەم: گریمانەکانی پەیدابوونی زمان | 1- گریمانەی دەنگە سروشتییەکان<br>2- گریمانەی غەریزەی تایبەت(بانگ و قیژەو هەست دەربڕیت)<br>3- گریمانەی بزاوتن<br>4- گریمانەی مۆسیقا<br>5- گریمانەی زمان کردەیەکی خواییە<br>6- گریمانەی گریمانەی کۆمەڵایەتی | |
| حەفتەی حەوتەم: تایبەتییەکانی زمان<br>حەفتەی هەشتەم: تایبەتییەکانی زمان | **تایبەتییەکانی زمان هەشت تایبەتی** | |
| حەفتەی نۆیەم : **ئەرکەکانی زمان**<br>حەفتەی دەیەم: **ئەرکەکانی زمان** | **ئەرکەکانی زمان**<br>1- ئەرکی زانیاری و هەواڵ گەیاندن<br>2- ئەرکی پرسیارکردن<br>3- ئەرکی هەست دەربڕین<br>4-ئەرکی هەست ورژاندن<br>5-ئەرکی فەرماندان<br>6-ڕاپەڕاندن<br>7-ئەرکی کۆمەڵایەتی(جێخۆشکردن) | |
| حەفتەی یازدەیەم: مێزووی زمانەوانی<br>حەفتەی دوازدەیەم: مێژوی زمانەونی | مێژوی زمانەونی لای یۆنانییەکان و ڕۆمانییەکان<br>مێژووی زمانەوانی | |

| | | |
|---|---|---|
| حەفتەی سێزدەیەم: مێژوی زمانەونی<br>حەفتەی چواردەیەم: مێژوی زمانەونی<br>حەفتەی پازدەیەم: تاقیکردنەوە<br>حەفتەی شازدە: ریێبازەکانی زمان | دێرین پێش سەدەکانی ناوەراست و لای عەرەبەکان<br>سەدەکانی ناوەڕاست<br>**مێژووی زمانەوانی سەدەی بیست**<br>**مێژووی زمانەوانی لای کورد**<br>**جیاوازی نێوان زمانەوانی دێرین و زمانەوانی نوێ**<br>**لقەکانی زمانەوانی تیۆری**<br>1- رێبازی پێوانەیی - رێبازی مێژویی - رێبازی وەسفی<br>4- رێبازی بەراورد<br>5- رێبازی بەرامبەری | |

## ١٨- تاقیکردنەوەکان

1- پێناسە ی ئەمانە بکە : زمان ، ئاستی واتاسازی ، گریمانەی غەریزەی تایبەت ، فێرنیکا،....

ڕاست و چەوت:

2- ڕاست و چەوتی ئەمانەی خوارەوە دیاری بکە و چەوتەکانیش ڕاست بکەرەوە:

أ- عەرەبەکان یەکەم کەس بوون لەزمانیان کۆڵیوەتەوە.

ب- (تیۆری زمان کردەیەکی خواییە ) تاکە تیۆری پەیدابوونی زمان بوو

3- وەڵامی ڕاست بۆ ئەم ڕستانەی خوارەوە هەڵبژێرە:

أ-زمانی عەرەبی لە کۆمەڵە خێزانی(هیندو ئەوروپی،سامی ، حامی،ئۆڕاڵی)یە.

4- جیاوازی نێوان ئەمانە دیار بکە

أ- ئەرکی پرسیار و ئەرکی هەواڵدان   ب- زمان رەوشتە، زمان پێرەوە

4- باسی قۆناغەجیاوازیەکانی مێژوی زمانی کوردی بکە.

**١٩- تێبینی تر: بابەتی زمانەوانی وەك بەشێك و لقێك بێت لە بەشی كوردی و زیاتر گرنگ پێبدرێت.**

**٢٠- پێداچوونەوەی هاوەڵ**

ئەم کۆرسبووکە دەبێت لەلایەن هاوەڵێکی ئەکادیمیەوە سەیر بکرێت و ناوەڕۆکی بابەتەکانی کۆرسەکە پەسەند بکات و جەند ووشەیەک بنووسێت لەسەر شیاوی ناوەڕۆکی کۆرسەکە و واژووی لەسەر بکات.

هاوەڵ ئەو کەسەیە کە زانیاری هەبێت لەسەر کۆرسەکە و دەبیت پلەی زانستی لە مامۆستا کەمتر نەبێت.